# تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری

نزار جاف

شتێکی ئاساییە کە هەموو کۆمەڵگەیەک کۆمەڵێک تایبەتمەندی جۆراوجۆری خۆی هەبێت کە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی - دەروونی - مێژوویی دوور و درێژ هاتبێتەئاراوە. تێڕوانینێک بۆ داب و نەریت و کولتور کۆمەڵگە جیاوازەکانی سەر گۆی زەوی، ئەو راستییە ئاشکرا دەکات کە هەر یەکێک لەو کۆمەڵگەیانە خاوەنی داب و نەریت و کولتورێکی جیاوازە ئەگەر بەراوردبکرێت لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەدا. بۆ نموونە ئەگەر لە کۆمەڵگەی ئنگلیزی وردبینەوە و بەراوردی بکەین لەگەڵ کۆمەڵگەی فەرەنسیدا، دەبینین کە کۆمەڵگەی ئنگلیزی پتر پابەندی داب و نەریتەکانی خۆیانن و ئەوەندە خوازیاری گۆڕانکاری خێرا و بە پەلە نین. کەچی فەرەنسییەکان بە پێچەوانەوە، ئەوەندە بایەخ بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە دێرینەکانیان نادەن و پتر ئارەزوومەندی گۆڕانکاری جۆراوجۆر و جیاوازی نوێن. یان ئەگەر کۆمەڵگەی ئەڵمانی بخەینە ژێر تیشکەوە و لە بەرامبەریدا کۆمەڵگەی مەکسیکی دابنێین، دەبینین کە ئەڵمانەکان زێتر وشکن و بە فیزەوە قسە و هەڵس و کەوت دەکەن و زۆر جدین و وربینن لە کارەکانیاندا، بەڵام مەکسیکییەکان خەڵکێکی سادە و ساکار و قسە خۆش و بێ فیز و پتر لە خۆ بووردەن. هەر لەم رووانگەوە ئەگەر لە کۆمەڵگەی کوردەواریمان وردبینەوە و هەوڵ بدەین لەگەڵ کۆمەڵگەکانی ناوچەکەدا بەراوردی بکەین، ئەوا بە هەمان شێوە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە داب و نەریت و کولتوریدا بە ئاسانی بەدی دەکەین. ئەوەی کە جێگەی سەرنج و تێڕامانە ژمارەیەک رچاوکراو لە نووسەر و رۆشنبیری کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانی دابەشکراودا دێنە بەرچاو کە لە نووسینەکانیاندا کورد لەگەڵ عەرەب و تورک و فارسدا تێکەڵ دەکەن. راستە بە هۆی فاکتەری تێکەڵبوونی مێژووییەوە، کورد هەندێ داب و نەریت و کولتوری جۆراوجۆری لەو کۆمەڵگانە وەرگرتووە و لە هەمان کاتیشدا ئەوانیش کۆمەڵێک داب و نەریت و کولتوریان لەم وەرگرتووە. بەڵام ئەم کاریگەری بەرامبەرە(کە زۆربەی کات بە سوودی کۆمەڵگەی باڵادەست دەشکێتەوە) واتای ئەوە ناگەیێنێت کە ئیدی کۆمەڵگەی کوردی بە بەشێکی لکاو و سەر بەو کۆمەڵگانە بژمێرین. هەر بۆ نموونە ئەو قەڵەمە نەزانە بەناو کوردانەی کە بە گەرمییەوە بەرگری لە(عێراقی) بوونی کۆمەڵگەی کورد دەکەن، نازانن کە ئەو بووچوونەیان دوورە لە بنەمای زانستییەوە. هەر لەم بارەشەوە، کاتێک زنجیرە کتێبی "لمحات إجتماعية من تأريخ العراق الحديث"ی زانای کۆمەڵناسی ناوداری عێراق دکتۆر"عەلی ئەلوەردی" دەخوێنینەوە، کە مایەی متمانە و باوەڕی ناوەندە زانستییەکانی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکانە، دەبینین کە ئەلوەدی زۆر بە ژیرانە لە کۆمەڵگەی عێراقی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق دەکۆڵێتەوە. دکتۆر ئەلوەدی چەند تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا رچاوکرووە کە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

1 - دوفاقەیی(شیزۆفرینیا) کەسایەتی عێراقی. ئەم دووفاقەییەش کۆمەڵناسی ناوبراو، گەڕانویەتییەوە بۆ بنچینەیەکی مێژوویی، هەر وەک باس لە بۆچوونی"التقية" واتا خۆپاراستن کە

لای شیعەکان پیادەکراوە، دەبینین کە زاناکانی شیعە بە مەبەستی پاراستنی گیان و دارایی شیعەکان، فەتوای"التقیة"یان دەدا تا لە دەست ستەم و زۆرداری فەرمانڕەوا سوننە مەزهەبەکان خۆیان بپارێزن. ئەلوەردی دەڵێت هەر ئەم فەتوایە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانەی پیادەی دەکەن هەست بە دووفاقەییەک بکەن لە زۆر رووی کۆمەڵایەتییەوە بەکاری بێنن.

2 ـ پشت بەست بە بەرامبەر و دەست لە خۆ بەردان لە زۆربەی کاتدا. ئەم کارەش بە هەمان شێوە دکتۆر عەلی ئەلوەردی  بە پێشینەیەکی مێژووییەوەی دەبەستێتەوە. زانای ناوبراو چەندین نموونەی مێژوویی جیاواز دەهێنێتەوە کە بۆ نموونە یەکێکیان دەخەینەڕوو. ئەلوەردی دەگێڕێتەوە کە کاتی دارِمانی دەسەلاتی دەوڵەتی عەباسییەکان، مەغۆلەکان هاتنە ناو بەغداوە و کەوتنە وێرانکردن و بە تاڵانبردنی ئەو شارە دێرینە و لەو بگرە و بردەیەدا، سەربازێکی مەغۆلی خۆی کرد بە یەکێک لە کۆڵانە داخراوەکانی بەغدادا. کاتێک کە بینی نزیکەی 50 پیاو خۆیان لەو کۆڵانەدا حەشارداوە و کابرای مەغۆلی زۆر ترسا چونکە ژمارەی بەغاییەکان پتربوو، هەر بۆیە وای هەست دەکرد کە ئێستا شاڵاوی بۆ دەبن و هەپرون بە هەپرونی دەکەن. بەڵام هیچ لەو بارەیەوە رووی نەدا و ئەو پیاوانە پتر ترس و تۆقین لە چاویاندا بەدی دەکرا و ئەوان لەو مەغۆلییە دەترسان نەک پەلاماریان بدات! مەغۆلییەکەش کە هەستی بەمە کرد ورەی بەرز بووەوە و هاتەوە سەر خۆی و بەژیرانە بیری لەوە کردووە چۆن ئەم کۆمەڵە پیاوە تۆقیوە لەناوبەرێت. ئەوە بوو کە تەماشایکرد سەکۆیەکی بەردین لەو کۆڵانەدا هەیە و لەولاوەی بەردێکی تارادەیەک گەورەی لێبوو. سەرئەنجام یەکێکیانی بانگ کرد پێی گووت کە رابکشێت و سەری لەسەر ئەو سەکۆیە دابنێت و ئنجا یەکێکی تری بانگ کرد داوای لێ کرد بەردەکە بەرزکاتەوە و بیکێشێت بە سەری کابرا راکشاوەکەدا. بەم جۆرە بەم پیاو ئەو پیاوی دیکەی لەناو دەبرد تا لە کۆتاییدا بە شمشێرەکەی دوا کەسیانی کوشت. هەڵبەتە وەک دکتۆر عەلی ئەلوەردی لە دەرەنجامی ئەم رووداوەدا دەکۆڵێتەوە، دەڵێت کە هەر یەکێک لەو پیاوانە چاوەڕێی ئەوی تری دەکرد تا راپەڕێت و پەلاماری ئەو مەغۆلییە بدات ببێتە قوربانی رێگەی رزگاری هاوڕێکانی! هەر ئەم تایبەتمەندییەش بوو کە وای لە عێراقییەکان کرد کە لە بەرامبەر ئەو ستەم و زۆردارییەی کەسێکی وەک حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی و سەدام حسێندا هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبێت.

3 ـ بەسووک تەماشاکردنی ئافرەت و بە کەمتر زانینی لە پیاو. نەک تەنها دکتۆر ئەلوەردی سەرنجی ئەم تایبەتمەندییەی داوە، بەڵکو هەر کەسێک کە بۆ ماوەیەکی رچاوکراو لە باشووری عێراقدا بمێنێتەوە بە ئاشکرا ئەم تایبەتمەندییە دەبینێت. ئافرەت نەک تەنها مافی ئەوەی نییە کە لە کۆڕ و مەجلیسی دیوەخاندا دابنیشێت، بەڵکو کاتێکیش ناویان دەهێنا(چ بڵێن دایکم یان ژنەکەم یان خوشکەکەم..هتد) ئەوا بەر لە وتنی ئەو زاراوەیە وشەی(تکرم) کە واتاکەی بە کوردی(دووربێت لە رووتانە)یان بەکاردەهێنا. ئەوەی کە پێویستە لێرەدا روونی بکەینەوە وشەی(تكرم) بە زمانی عەرەبی بەر لە ناوهێنانی پیسایی و ئاژەڵ و پێڵاو و ئاودەست و شتی دیکەی لەم بابەتە بەکاردەهێنرێت و ئافرەت خراوەتە پاڵ ئەم شتانە!

4 ـ بەراوردکردنی کەسایەتی مرۆڤ لەگەڵ کارەکەیدا و ڕێز لێنانی بەو پێیەش. ئەو جوتیارەی کە سەوزە و تەماتە و ئەم جۆرە ڕووەکانەی بڕواندایە، بەچاوێکی سووک تەماشای دەکرا و جوتیارێکیش کە گەنم و جۆ و چەڵتوکی بڕواندایە بە(پیاوتر) دەژمێردرا. هەروەها پیاوێک کە کاری جۆلایی بکردایە ئەویش نەک تەنها بە چاوێکی سووک تەماشای دەکرا بەڵکو تەنانەت ژنیشیان پێ نەدەدا کاتێک کە دەچووە خوازبێنی کچێکی دیاریکراو.

سەرنج دان لەو چەند تایبەتمەندییە و چەندین تایبەتمەندی دیکەش، بنەما کۆمەڵایەتییە دەروونییەکانی ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەخاتەڕوو. بێ گومان ئەگەر بەراوردی ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردەواریدا بکەین، ئەوا هەر لە سەرەتاوە جیاوازییەکی یەکجار قوڵ و گەورە لە نێوان ئەو دوو کۆمەڵگەدا تێبینی دەکەین. چونکە پرەنسیپی(دووفاقەیی) کە بنچینەیەکی تایفەگەرایی هەیە، هیچ جۆرە بوونێکی لە کوردستاندا نییە. لێرەشدا ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین کە کۆمەڵگەی کوردەواریش دووفاقەیی تێدا نییە، بەڵام هەرگیز بەو ئاراستەی باشوور و ناوەڕستی عێراق نییە. لە جەنگی(صفین)دا کاتێک عەلی ئیبنە ئەبی تالیب خەریکی ململانێبوو لەگەڵ موعاوییەدا عێراقییەکان بە هەڵوێستە شێواو و ناسەقامگیرانەکەیان ئەو پیاوەیان هەراسان کردبوو تا گەیشتە ئەوەی کە لە تاوی ئەوەدا بڵێت(ئەی خەڵکی عێراق، ئەی خەڵکی خەڵکی دووبەرەکی و دووڕوویی، بەخوا سوێند دەخۆم کە هەناوتان پڕ کردووم لە کێم و جەراحەت). دوای ئەم ڕووداوەش بە ماوەیەک کاتێک کە خەڵکی ویلایەتی کوفە(باشوور و ناوەڕاستی عێراقی ئێستا) پتر لە124 هەزار نامەیان بۆ حوسەینی کوڕی عەلی ڕەوانە کرد کە تیایدا داوایان لێ دەکرد بێتە کوفە و سەرکردایەتی شۆڕش بکات لە دژی یەزیدی کوڕی موعاوییە و حوسەێن نزیک کوفە دەبووەوە، تووشی (فەرەزدەق)ی شاعیر بوو و سەبارەت بە هەڵوێستی خەڵکی کوفەوە پرسیاری لێ کرد، لە وەڵامدا فەرەزدەق گووتی" بە دڵ لەگەڵ تۆدان و بە شمشێر بەرەنگاریت دەکەنەوە ". ئەم دوو ڕووداوە مێژووییە بنچینە دەروونییەکانی تایبەتمەندی دووفاقەیی لە کەسایەتی مرۆڤی عێراقی(لە ناوچەکانی باشوور و ناواڕاستدا) بەرجەستەدەکەن. بابەتی(پشت بە بەرامبەر بەستنەوە)ەش کە لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستدا زۆر روون و ئاشکرابوون. خەڵکی ئەو ناوچانە لەگەڵ ئەوەی کە هەستیان بە زۆر و ستەمی ڕژێمی بەعسی رووخاو(لە هەردوو قۆناغی دەسەڵاتدارییەتی بەعسدا لە 1963 و 1968) کەچی کەس ئامادە نەبوو دژایەتی ئەو ڕژێمە بکات. لە بەرامبەر ئەوەشدا، کۆمەڵگەی کوردەواری هەر لە سەرەتای پێکهاتنی ئەم عیراقەی ئێستا لەلایەن بەریتانیاوە لە ڕووی زۆرداری و ستەمدا وەستاون و خەباتی بێ وچانیان کردووە تا مافە ڕەواکانی خۆیان بەدەست بێنن. سەرباری ئەمەش زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان و گەڕۆکەکان و مێژوونووسان، کاتێک کە باسی کۆمەڵگەی کورد دەکەن، ئەوا باس لە خوێن گەرمی و ئازایەتی و بەرەنگاربوونەوەی ستەمی دەکەن و ئەم ڕاستییەش لە هەر چوارپارچەکەی کوردستاندا دیار و بەرجەستەیە، چونکە هەر بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە وڵاتێکی وەک ئێران بدەین دەبینین کە تەنها کورد لە نێوان هەموو گەلانی دیکەی ئێراندا بەردەوام دانەبڕاوە لە خەباتکردن لە پێناوی مافەکانیدا، لە کاتێکدا گەلانی دیکەی

ئێران(وەک عەرەب و تورک و بلوچ) هەرگیز نەیانتوانیوە بەو جۆرە درێژخایەنە بەردەوامبن لەسەر خەبات. ئەمەش لە خۆیدا جیاوازی لە تایبەتمەندییەکانی نێوان کۆمەڵگەکاندا دەخاتەڕوو و کورد لە نێوانیاندا جودادەکاتەوە. دەربارەی بە سووک تەماشاکردنی ئافرەت، پێم وایە هیچ کۆمەلگەیەک لە ناوچەکەدا وەک کورد ریزی لە ئافرەت نەگرتووە و پلە و پایەیەکی تایبەتی لە کۆمەڵدا بۆ دیاری نەکردووە. ئەم راستییەش زۆرینەی رۆژهەڵاتناسان و گەڕۆکەکان ئاماژەیان پێ داوە، وێنەی "جی. دی. ئێدمۆندز" لە کتێبی(کورد، تورک، عەرەب)دا کە زۆر بە بایەخەوە سەرنجی تایبەتمەندی کۆمەڵگەی کوردی داوە لەو رووەوە و تێبینییەکانی خۆی لەو بارەوە نووسیوە باسی چەند نموونەیەکی بەرجەستەی لە مێژووی کوردا کردووە وەک"عادیلە خانی ژنی وەسمان پاشای جاف" و" حەپسەخانی نەقیب". ئافرەتی کورد هەمیشە لە ناو کۆڕ و کۆمەڵدا رۆڵی تایبەتی خۆی هەبووە و وەک مرۆڤێک مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، هەرچەندە لێرەدا نالێم کە ئیدی ئافرەتی کورد هیچ گیر و گرفتێکی نییە و ئازادی تەواوی وەرگرتووە، بەڵام بە بەراوردکردنی لەگەڵ ئافرەتانی تری ناوچەکەدا، ئەوا زۆر لە پێشی ئەوانەوەیە.

نووسەر و رۆژنامەنووس
نیشتەجێیە لە ئەڵمانیا
nezarjaff@gmail.com

تێبینی: ئەم بابەتە هاوکات لە رۆژنامەی" خەبات" و هەفتەنامەی "پەیامی کورد"دا بلاوکرایەوە.